# نامیلکەی ڕووماڵی میدیایی بۆ میدیاکاران
# مامەڵەکردن و ڕووماڵکردنی ئاکارییانەی ڕزگاربووانی
# توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی

دەزگای سیید و دەستپێشخەریی ڕۆژنامەوانی تایبەت بە توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی

ئەم بەرهەمە لە لایەن دەزگای سیید، بە ڕاوێژ لەگەڵ دەستپێشخەریی ڕۆژنامەوانی تایبەت بە توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی (JiG)، پەرەی پێ دراوە بۆ ڕەنگدانەوەی ئەو بنەما سەرەکییانەی کە لە (بێدەنگی و فەرامۆشکردن: نامیلکەی میدیایی بۆ ڕووماڵکردنی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی) تیشکیان خراوەتە سەر، کە لە لایەن ناوەندی سەرکردایەتی جیهانیی ژنان و روتگس (Rutgers) و زانکۆی ویلایەتی نیو جێرسی لە ساڵی ٢٠٢١ بڵاو کراوەتەوە.

# ئامانج:

ئەمە ئامرازێکە کە ئامادەکراوە بۆ پاڵپشتیکردنی میدیاکاران لە نێویاندا ڕۆژنامەنووسان و وێنەگران و سەرنووسەرەکان کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان ڕووماڵی پرسی ژنان و ڕزگاربووانی توندوتیژی دەکەن. نامیلکەکە ڕێنوێنی میدیاکاران دەکات کە چۆن بەشێوەیەکی ئاکارییانە مامەڵە لەگەڵ ژنان و کەسانی لێقەوماو و هەروەها کەسانی ژێر مەترسیی توندوتیژی بکەن.

لە کاتێکدا ڕووماڵی پرسەکانی وەک توندوتیژی و کوشتن بە بیانووی "ئابڕوو" گرینگە، بەڵام پێویستە ڕووماڵەکە پێوەرەکانی سەلامەتی و ئاکاریی تێدا بەرجەستە ببێت، بە مەبەستی دڵنیابوونەوە لە سەلامەتی و ئاسایشی ڕزگاربووان و ڕێگەگرتن لە بڵاوکردنەوەی وتار و ئاخاوتنی زیانبەخش و چەقبەستوو چونکە ئەم کردەوانە پارێزبەندیی بۆ ئەنجامدەرانی توندوتیژی دابین دەکەن.

ئەم نامیلکەیە چاکترین نموونەکانی پەیوەست بە ڕۆژنامەوانیی ئاکارییانە لەخۆ دەگرێت کە دەکرێت لە گشت بوارەکانی کاری میدیادا بەکار بهێنرێن، بە تایبەتی لە بواری ڕووماڵکردنی توندوتیژی، لە پێناو سەلامەتیی ڕزگاربووان. ڕووماڵی شکۆمەندانەی چیرۆکی ڕزگاربووان گرینگە و دوورکەوتنەوەش لە زیندووکردنەوەی زەبری دەروونی لایان، پێویستییەکی بنچینەییە. ئامانجی ئەم نامیلکەیە بریتییە لە پێدانی شارەزایی تەواو بە میدیاکاران تا شێوەیەکی بەرپرسیارانە و ئاکارییانە و سەلامەت چاوپێکەوتن و ڕووماڵ و توێژینەوە لەگەڵ ژنان و ڕزگاربووانی توندوتیژی ئەنجام بدەن و، هەروەها سەبارەت بەو کەسانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە یان لە ژێر مەترسیی توندوتیژیدان، ڕەوانەی دابینکەری خزمەتگوزاریی گونجاویان بکەن.

# ناوەڕۆک:

## ١. وەرگرتنی ڕەزامەندیی بەئاگا

چۆن دڵنیا بینەوە کە کەسەکە دەتوانێت ڕەزامەندیی ئازادانە و بەئاگا بۆ بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکەی بدات و هاوکات تێگەیشتنێکی تەواوی لە ئامانج و بەکارهێنانی چیرۆکەکە هەبێت بێ ئەوەی فشاری لەسەر بێت.

## ٢. دڵنیا بوون لە سەلامەتیی ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت

چۆن شرۆڤەی ئەو مەترسییانە بکەیت کە دووچاری ئەو کەسانە دێت کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکەیت، بە تایبەتی ڕزگاربووانی توندوتیژی یان کەسانی ژێر مەترسی؛ و دڵنیابوون لەوەی بڵاوکردنەوەی بابەتەکە نایانخاتە ژێر مەترسییەوە.

## ٣. ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی ئاکارییانە

چۆن چاوپێکەوتنی ئەنجام بدەیت و لە هەمان کاتدا ڕێز لە خود و بۆچوونی هەموو کەسێک بگریت و خۆ لە دووبارەکردنەوەی زەبری دەروونی بپارێزیت.

## ٤. وێنەگرتن و ڤیدیۆ تۆمارکردن بە شێوەیەکی ئاکارییانە

چۆن وێنە و ڤیدیۆی کەسەکان بە شێوەیەکی مرۆڤانە و ئاکارییانە دەگریت و، لە هەمان کاتدا، ڕێز لە سەلامەتییان دەگریت و ڕەچاوی ئەگەری بەکارهێنانی شێوازی دیکەی تۆمارکردن دەکەیت.

## ٥. گێڕانەوەی چیرۆک بە ڕەچاوکردنی ڕێبازی بە ناوەندکردنی ڕزگاربوو

چۆنیەتی داڕشتنی چیرۆکێک کە ڕزگاربوو بەهێز دەکات و بەناوەندیان دەکات بە بەکارهێنانی زمانی شیاو.

## ٦. ڕەوانەکردنی ڕزگاربووانی توندوتیژی و کەسانی ژێر مەترسی

چۆن و بۆ کوێ کەسێک ڕەوانە بکەیت، بە تایبەتی لە پرسی ڕزگاربووانی توندوتیژی و کەسانی ژێر مەترسی، بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزاریی گونجاو.

# ١

# وەرگرتنی ڕەزامەندیی بەئاگای ڕزگاربووانی توندوتیژی و کەسانی ژێر مەترسی

ئەم بنەمایانە لە سەر هەر یەکە لە ڕزگاربووانی توندوتیژی و ئەو کەسانەی زەبری دەروونییان چەشتووە و ئەو کەسانەی کە سەلامەتی و ئاسایشیان لە ژێر مەترسیدایە، جێبەجێ دەبێت؛ بەرپرسی حکومی و سیاسەتمەدار و هەروەها کەسانی خاوەن پێگە و ڕاهێنراو لە بواری میدیا، بنەماکان نایانگرێتەوە.

گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو کەسایەتییە گشتییانەی ڕاهاتوون لە پەیوەندییەکانی میدیا دەبێت ئاگادار بن لە کاریگەری و مەترسییەکانی تێکەڵبوونی میدیایی. بۆیە ڕەنگە پێویست نەبێت ڕەزامەندی وەربگرن تەنها لەو حاڵەتانە نەبێت کە ڕاپۆرت لەسەر توندوتیژی یان خراپ بەکارهێنانیان بەرامبەریان کراوە.

## ڕەزامەندیی بە ئاگا واتە کەسێک لە کاتی بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکەی یان وێنەکەی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێک، لەم خاڵانەی خوارەوە تێدەگات:

- بۆ چی چیرۆک/وێنەکانیان تۆمار دەکەن (ئامانج/چۆنیەتیی داڕشتنی چیرۆکەکە/چیرۆکەکە سەبارەت بە چییە)
- کەی بابەتەکە بڵاو دەبێتەوە
- چۆن بەکار دەهێنرێت (تەنانەت ئەگەر ١٠٠٪یش دڵنیا نەبوویت)
- خوێنەر یان بیسەرەکەی کێیە: بۆ خەڵکی ناوچەکە یان وڵاتەکەیە، یان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بڵاو دەکرێتەوە. هاوکات، دەبێت ئاماژە بە زمانی بڵاوکردنەوەی بابەتەکەش بدرێت.
- چۆن بڵاو دەکرێتەوە (لە ئۆنلاین، چاپ دەکرێت، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ...)
- بابەتەکە چ زانیارییەک لەخۆ دەگرێت

**ڕزگاربووان دەتوانن بڕیار بدەن تا چەند ناسنامەکەیان بە نهێنی دەمێنێتەوە و چ زانیارییەک نەدەن کە ببێتە هۆی ئاشکراکردنی ناسنامەکەیان**

ئەگەر بڵاوکردنەوەی چیرۆک یان وێنەی کەسێک مەترسی لێ بکەوێتەوە، دەبێت ئەو **مەترسییانە بەوردی ڕوون بکرێنەوە.** تەنیا دوای ڕوونکردنەوەیەکی تێروتەسەلی وەها ڕزگاربوو دەبێت قایل بێت وێنە/چیرۆکی خۆی بدات بە ڕۆژنامەنووسێک یان داواکەی ڕەت بکاتەوە.

ئەگەر دەبوو ناوەڕۆکەکە بە شێوەی ئۆنلاین بڵاوبکرێتەوە، ئەوا میدیاکار بەرپرسیارە لە ڕوونکردنەوەی زانیارییەکان کە بڵاودەکرێتەوە و مەترسی ئەوەی کە نەتوانن هەموو ناوەڕۆکەکان بسڕنەوە کاتێک بەش دەکرێت یان بڵاودەکرێتەوە، یان لەلایەن لایەنی سێیەمەوە بڵاو دەکرێتەوە.

**ڕەزامەندیی بەئاگا تەنیا دەبێت لە لایەن خودی ڕزگاربووەکە بدرێت و ڕزگاربوو دەتوانێت هەر کاتێک بیەوێت ڕەزامەندییەکە پووچەڵ بکاتەوە.** نابێت ئەندامێکی خێزانەکەیان یان کۆمەڵگەکەیان لە جیاتی ئەوان بدوێن.

## ڕەزامەندیی بەئاگا بەردەوامیی هەیە:

- ڕزگاربووان دەتوانن هەر پرسیارێکیان بە دڵ نەبێت وەڵامی نەدەنەوە.
- هەر کاتێک بیانەوێت دەتوانن چاوپێکەوتن/ڤیدیۆ تۆمارکردن/وێنەگرتنەکە ڕابگرن؛ بۆ ئەمەش پێویست ناکات هیچ ڕوون بکەنەوە.
- بابەتەکە نابێت بڵاو بکرێتەوە ئەگەر ڕزگاربوو بۆچوونی خۆی گۆڕی. پێویستە ڕۆژنامەنووسەکە بە ڕزگاربوو بڵێ کە دەتوانێت، تا کاتی بڵاوکردنەوە، هەر کاتێک ویستییان ڕەزامەندییەکە پووچەڵ بکەنەوە.
- ئەگەر ڕزگاربوو حەزی کرد دوای بڵاوبوونەوەی بابەتێک یان وێنەیەک ڕەزامەندییەکەی بکشێنێتەوە، پێویستە دڵنیا ببێتەوە لەوەی دەتوانێت پەیوەندیی بە ڕۆژنامەنووسەکە بکات. ڕۆژنامەنووسەکە پێویستە بۆی ڕوون بکاتەوە کە، گەر چی دەتوانێت بابەتە سەرەکییەکە بسڕێتەوە بەڵام، بە گشتی، ئەگەر بابەتەکە لە سەکۆیەکی ئەلیکترۆنی دانرا سڕینەوەی قورسە.

- پێویستە میدیاکار ئەوە ڕوون بکاتەوە کە، لە کاتێکدا دەتوانن ناوەڕۆکی ڕەسەن، یان کۆپیکراو، یان هاوبەشکراو لابەن، پێویستە ڕوونی بکەنەوە کە هەمیشە ناتوانرێت ناوەڕۆکی هاوبەشکراو لاببرێت چونکە ئەمە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئەواندایە.

**ئەم ڕێوشوێنانە تایبەتن بە ڕزگاربووانی توندوتیژی و کەسانی ژێر مەترسی. لەوانەیە سەلامەتی و ئاسایشی ئەم کەسانە بکەوێتە مەترسیەوە ئەگەر زانیارییە بڵاوکراوەکان بناسرێنەوە.**

سەبارەت بە **ناکامەکان**، ڕۆژنامەوانان دەبێت بزانن کە **قایلن (ڕێکەوتن)** بە چاوپێکەوتنەکە و هاوکات ڕەزامەندیی **بەئاگا لە دایباب/سەرپەرشتیاریان وەربگرن و ئامادەیی جەستەییان هەبێت**. نابێت چاوپێکەوتن لەگەڵ منداڵ بکرێت و ئەم دوو خاڵە ڕەچاو نەکرێت. **وا چاکە بە هیچ جۆرێک چاوپێکەوتن لەگەڵ منداڵانی ڕزگاربووی توندوتیژی نەکرێت.** ئەگەر هەر ئەنجامت دا، **ئەوا هەرگیز وێنە یان ڤیدیۆیان مەگرە و هەروەها ناوی ڕاستەقینەیان ئاشکرا مەکە** چونکە لەوانەیە لێکەوتەی خراپی بۆ ئەوان هەبێت. وا چاکە هیچ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ نەکرێت. ڕەزامەندیی بەئاگا ناکرێت لە لایەن کەسانێکەوە بدرێت کە ناتوانن لە مەترسیی بڵاوکردنەوەی چیرۆک و چاوپێکەوتنەکانیان تێ بگەن بۆیە نابێت چاوپێکەوتنیان لە گەڵ بکرێت.

چاوپێکەوتن/وێنە/ڤیدیۆی دایک و باوک یان سەرپەرشتیاریی منداڵانی ژێر مەترسی بە هەمان شێوە نابێت زانیاریی وەهایان تێدا بێت کە شوێنی خۆیان یان منداڵەکانیان یان ناسنامەکانیان ئاشکرا بکات.

## ئامۆژگاری

- فۆرمی ڕەزامەندیت بە زمانی گونجاو لا بێت، چاپیان بکە و کۆپییەک بدە بەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکەیت تا واژۆی بکەن. ئەگەر کەسەکە خوێندەواریی نەبوو، ناوەڕۆکی فۆرمەکەی بۆ ڕوون بکەوە و پەنجەمۆری لێ وەربگرە و لە شوێنی واژۆیەکەی دابنێ؛ یان ڕەزامەندییەکەی بە دەنگ/ڤیدیۆ تۆمار بکە.

- زانیارییەکانی پەیوەندیی خۆت بە کەسەکە بدە تا، ئەگەر پرسیارێکیان هەبوو یان ویستیان ڕەزامەندییەکەیان بکشێننەوە، قسەت لەگەڵ بکەن. گۆڕینەوەی زانیارییەکانی پەیوەندیی یارمەتی ڕزگاربووەکە دەدات کە بەدواداچوون بکات. نابێت ڕۆژنامەنووسان ئەم زانیارییانە خراپ بەکار بهێنن یان ڕزگاربووەکە توشی کێشە بکەن.

- زانیاریی پەیوەندیی کەسەکە وەربگرە و، (ئەگەر کاتت هەبوو) ئەو بەشانەی بابەتەکە لەگەڵ ڕزگاربوو هاوبەشی پێ بکە کە باس لەو دەکات بەر لەوەی بابەتەکە بڵاو بکەیتەوە. ئەم خاڵە جێبەجێ نابێت بە سەر ئەو کەسانەی کە قوربانی یان ڕزگاربووی توندوتیژی نین، لەوانەش ئەو سیاسەتمەدارانەی کە ئەم بەندە دەقۆزنەوە. نابێت میدیاکاران ئەم زانیاریی پەیوەندیکردنە خراپ بەکاربهێنن یان ڕزگاربووان هەراسان بکەن.

# فۆرمی ڕەزامەندی بۆ وێنەگرتن و تۆمارکردنی ڤیدیۆ و چاوپێکەوتن

ئەگەر تەمەنی بەشداربوو لە ١٨ ساڵ کەمتر بوو، ئەوا دایباب یان سەرپەرشتیار ئەم فۆرمە لە بری بەشداربوو واژۆ دەکات.
پێویستە ناوەڕۆکی فۆرمەکە بە دەنگی بەرز و بە زمانی دایکی ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکرێت، بخوێندرێتەوە.

بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی، چاوپێکەوتنت لەگەڵ ناکات و هەروەها وێنە و ڤیدیۆی تۆ تۆمار ناکات.

- ڕەزامەندیی تۆ ئارەزوومەندانەیە. دەتوانیت لە هەر کاتێکدا بڕیار بدەیت کە بەشداری نەکەیت، پرسیاری دیاریکراو وەڵام نەدەیتەوە یان چاوپێکەوتنەکە بوەستێنیت.
- ئەگەر دواتر بڕیار بدەیت ڕەزامەندییەکەت هەڵبوەشێنیتەوە، ڕێکخراو بابەتەکەی تۆ بەکار ناهێنێت و لە سەکۆکانی خۆی دەیسڕێتەوە؛ بەڵام ئەگەر بابەتەکە بڵاو کرابووەوە یان دابەش کرابوو، ڕێکخراو هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر بابەتەکەوە نامێنێت.
- ڕەتکردنەوەی ڕەزامەندی کاریگەری لەسەر دەستڕاگەیشتن بە هیچ خزمەتگوزارییەک نابێت.
- تۆ، بۆ دەربڕینی ڕەزامەندی لەسەر بەشداریکردن، هیچ قەرەبوویەک یان یارمەتییەکی زیادە وەرناگریت.
- ناوی ڕاستەقینەی تۆ بەکار ناهێنرێت.

١. ڕەزامەندی لەسەر بەشداریکردن لە چاوپێکەوتنەکە دەدەیت؟ □ بەڵێ □ نەخێر
٢. ڕەزامەندی لەسەر تۆمارکردنی دەنگت دەدەیت؟ □ بەڵێ □ نەخێر
٣. ڕەزامەندی لەسەر دەرکەوتنت لە ڤیدیۆ دەدەیت؟ □ بەڵێ □ نەخێر. ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە، ڕەزامەندی دەدەیت کە (دانەیەکیان هەڵبژێرە):
□ لە ڤیدیۆیەکە بناسرێیتەوە
□ لە ڤیدیۆیەکە نەناسرێیتەوە
٤. ڕەزامەندی لەسەر دەرکەوتنت لە وێنە دەدەیت؟ □ بەڵێ □ نەخێر. ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە، ڕەزامەندی دەدەیت کە (دانەیەکیان هەڵبژێرە):
□ لە وێنەکە بناسرێیتەوە
□ لە وێنەکە نەناسرێیتەوە
٥. ئایا حەز دەکەیت پێشکەشکاری خزمەتگوزارییەکەت لە کاتی چاوپێکەوتنەکە ئامادە بێت؟ □ بەڵێ □ نەخێر
٦. ئایا حەز دەکەیت چاوپێکەوتن/وێنە/ڤیدیۆیەکە لە لایەن ژنێکەوە تۆمار بکرێت؟ □ بەڵێ □ نەخێر
٧. ئایا ڕەزامەندی دەدەیت کە گرتە و تۆمارەکان بۆ ئەم سەکۆ و ئامرازانەی خوارەوە بەکار بهێنرێن:
□ سۆشیال میدیا و ماڵپەڕ
□ کەرەستە و ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان
□ لەگەڵ میدیاکان هاوبەشییان پێ بکرێت

| | | | |
|---|---|---|---|
| ناوی ڕاژەخواز | | ڕێکخراو \ئاژانسەکە | |
| ناوی دایباب/سەرپەرشتیار (بۆ منداڵان و هەرزەکاران) | | ناو و ناونیشانی کارمەند | |
| واژۆ/پەنجەمۆر | | واژۆ | |
| ڕێکەوت | | ڕێکەوت | |

# ٢

# دڵنیابوونەوە لە سەلامەتیی ڕزگاربووانی توندوتیژی یان کەسانی ژێر مەترسی

## لە کاتی هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان، پێویستە ڕۆژنامەنووسان ئەم خاڵانە ڕەچاو بکەن:

ئەگەر ناسنامە یان شوێنی کەسەکە ئاشکرا بوو، ئایا دووچاری هیچ مەترسییەک دەبێتەوە لەوانە:

- ☐ هەر شێوازێکی توندوتیژی لە نێویاندا ئەوانەی کە لە لایەن دەسەڵاتی حکومی یان خێزان/کۆمەڵگە/خێڵ ئەنجام دەدرێت (بۆ نموونە، پەنابەری سیاسی، ژنانی ژێر مەترسیی کوشتن، ڕزگاربووانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ)
- ☐ پەڵەی کۆمەڵایەتی یان جیاکاری؛ ئەگەر کەسێک چیرۆکەکەی ئەوانی بینی ( بۆ نموونە، ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسی، ڕزگاربووانی دەستی داعش)

ئەگەر بەڵێ بوو، **ئەوا نابێت <u>هیچ</u> زانیارییەکی کەسی یان زانیارییەک کە ناسنامەی ڕزگاربوو دەرخا** (بۆ نموونە، شوێن، **جۆری توندوتیژی، ئەنجامدەری توندوتیژی) یان <u>هیچ</u> زانیارییەک یان وێنەیەکی ئاشکراکەر** وەک ناوی باوک، شوێنی نیشتەجێبوون، پیشە، ئاین، کەسابەت، نیشانەیەکی زگماک یان تاتۆ، بڵاو بکرێتەوە.

ئایا ڕزگاربوو هیچ لاوازییەکی هەیە کە بە هۆی چاوپێکەوتنەکەوە زەقتر دەربکەوێت یان توندتر بێت:

- ☐ پرسی دەروونتدروستی یان مەترسیی دووبارەبوونەوەی زەبری دەروونی
- ☐ مەترسیی زیانگەیاندن بە خود یان بە کەسی دیکە

ئەگەر بەڵێ بوو، **چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕزگاربووەکە <u>مەکە</u>.**

- ☐ دڵنیابوویتەوە لەوەی ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکەیت لە هاوبەشیکردنی چیرۆکەکەی خۆی ئاسوودەیە؟

- ☐ ناو و زانیاریی ڕێکخراوە ناحکومییەکانتان هەیە کە لەو ناوچەیەدا کاردەکەن کە تێیدا دەژین و پێویستیان بە دابینکردنی زانیاری و پشتگیری هەیە؟ کە ڕێکخراوەکە ئامادە بێت بۆ دابینکردنی زانیاری و پاڵپشتی پێویست؟

ئەگەر هەر ئاماژەیەکی نائاسوودەیی لە زمان یان جەستەی کەسەکە هەبوو، یان ئەگەر هەستت کرد کە ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجام دەدەیت لە قسەکردن دوودڵە سەرەڕای پێدانی ڕەزامەندی، **پێویستە چاوپێکەوتنەکە ڕابگریت.**

له عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەو ژنانەی قسە بۆ میدیا دەکەن لەوانەیە دووچاری چەند جۆرێکی توندوتیژی ببنەوە، لەنێوانیاندا:

- توندوتیژیی ئەلیکترۆنی
- هەراسانکردن
- توندوتیژیی پەیوەندیدار بە "ئابڕوو"
- پەڵەی کۆمەڵایەتی و پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی

هەروەها ئەگەر زانیارییەک لە میدیا بڵاو ببێتەوە و بناسرێتەوە ئەوا ڕزگاربووانی توندوتیژی، لە نێویاندا ڕزگاربووانی توندوتیژیی خێزانی، دەکەونە ژێر مەترسیی زیاتری توندوتیژی؛ لەوانەیە بکوژرێن یان ئەنجامدەرانی توندوتیژی تۆڵەیان لێ بکەنەوە.

وتەی وەرگیراو: "پاراستنی ناسنامەی قوربانیان و ڕزگاربووان و خێزانەکانیان زۆر گرینگە لەو کەیسانەی کە ئاشکرابوونیان دەیانخاتە بەردەم مەترسی تۆڵەکردنەوە یان پەڵەی کۆمەڵایەتی یان ڕەخنەی میدیایی. نابێت شوناسی کەسەکە بێ وەرگرتنی ڕەزامەندییەکی ڕوون ئاشکرا بکرێت. پاراستنی سەلامەتی و تایبەتمەندیی قوربانیان پێویستە کاری لەپێشینەی میدیاکار بێت؛ دارشتنی بابەتێکی باش دوای ئەوە دێت کە ئەم خاڵە ڕەچاو بکرێت ... ئاشکراکردنی وردەکارییەکانی پەیوەست بە توندوتیژیی سێکسی کۆمەک بە بەدیهاتنی دادپەروەری بۆ قوربانییان ناکات، بگرە پێشێلی شکۆیان دەکات و هەروەها وادەی چاکبوونەوەیان دوادەخات. ئەم جۆرە مامەڵەکردنە یارمەتیی ڕزگاربووان و قوربانیان نادات؛ تەنیا ئامرازێکن بۆ دەستخستنی قازانجێکی ماددی لە ڕێی خستنەڕووی وێنەیەکی هەستبزووێنەوە." شێریزان مینوالا، پارێزەری بواری مافەکانی مرۆڤ بۆ (ناوەندی میدیایی ژنان) لە ساڵی ٢٠٢٤

# ٣

## ئەنجامدانی چاوپێکەوتنێکی ئاکارییانە لەگەڵ ڕزگاربووانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی

## بنەما سەرەکییەکان:

- **بڕیاردانی پێشوەختە نابێت هەبێت:** هەرگیز سەبارەت بە بەسەرهات و کردەوە و کاردانەوەکانی ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکەیت، پێشداوەری مەکە و تەنانەت لێ مەگەڕێ وا دەرکەویت کە بڕیاری لە بارەیەوە دەدەیت.
- **ڕێزگرتن لە کەسەکە و تایبەتمەندییەکانی:** ئەگەر کەسەکە نەیویست بەشێکی بەسەرهاتەکەی باس بکات یان، بە هەر شێوەیەک بێت، هەستی بە نائاسوودەیی کرد، ناچاری مەکە قسە بکات.
- **زیان نەگەیاندن:** دەبێت چاوپێکەوتنەکە بە جۆرێک ئەنجام بدرێت کە زەبری دەروونیی قوربانییەکە نوێ نەکاتەوە و هەروەها برینەکەی قووڵتر نەکاتەوە. "داواکردنی زانیاریی ناپێویست لە ڕزگاربووان کارێکی باش نییە؛ چونکە دەیانخاتە ژێر مەترسیی نوێبوونەوەی زەبری دەروونی."[١]
- **چاودێری و هەستیاری:** ئەگەر ئاماژەی نائاسوودەیی یان شڵەژان یان پەرێشانیت لە کەسەکە بەدی کرد، پشوویەک وەرگرە یان بە یەکجاریی چاوپێکەوتنەکە بوەستێنە.
- **هاوسۆزی و ئارام گرتن و گرینگیپێدان:** بەردەوام ئارامی و هاوسۆزی و هاوخەمی و تێگەیشتنی تەواو بۆ ئەزموون و بەسەرهاتی کەسەکە دەربڕە.
- **کراوەیی بۆ قبووڵکردنی کەلتووری جیاواز:** بەر لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە، ڕەچاوی جیاوازییە کەلتوورییەکان بکە و لێیان تێ بگە.

## چاوپێکەوتن دەبێت ئەنجام بدرێت:

- **بە زمانی ئەو کەسەی کە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ دەکرێت** یان وەرگێڕێک دابین بکات کە ڕاهێنانی پێویستی سەبارەت بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی ئاکارییانە وەرگرتبێت.
- چاوپێکەوتنکار هەمان **جۆری کۆمەڵایەتیی** کەسەکەی هەبێت.
- **لە ژوورێکی تایبەت** بێت تا مافی کەسەکە لە پاراستنی نهێنییەکانی بپارێزێت.

**لەکاتی قسەکردن لەگەڵ ڕزگاربووانی توندوتیژی، هەرگیز نابێت منداڵان (لە هەموو تەمەنێکدا) لە ژوورەکەدا ئامادەبن** بۆ ئەوەی بەر زەبری دەروونی نەکەون.

دڵنیابە لەوەی کە ڕزگاربووەکە ناچار نەکراوە ڕازی بێت بە چاوپێکەوتنەکە. دڵنیابە لەوەی کە کەس پارەی پێنادرێت بۆ ئەوەی ڕازی بێت چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکرێت.

## پێش چاوپێکەوتنەکە:

- ڕادەی مەترسییەکان هەڵبسەنگێنە.
- ئارەزوو و خواستی ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لە گەڵ دەکرێت بۆ کات و شوێن و هەروەها ئەو کەسەی لەگەڵی بەشدار دەبێت ڕەچاو بکە.
- داوای ڕێنوێنی لە ڕێکخراوەکان و دابینکەرانی خزمەتگوزاری و سەرکردەکانی کۆمەڵگەکە بکە، پێیان بڵێ کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕزگاربووان بکەیت و سەرنجی ئەوان لەسەر مەترسییەکان وەربگرە.
- زیاتر سەبارەت بە کاریگەریی زەبری دەروونی لەسەر خەڵک بزانە، درک بەو هەلومەرج و پرسیار و ئاخاوتنانە بکە کە لەوانەیە زەبرەکە چڕتر بکەنەوە.
- چوارچێوەی گشتگیریی پرسیارەکان بە ڕزگاربووەکە بڵێ، لێی بپرسە کە ئایا هیچ بەشێک لە چیرۆکەکەیان هەیە کە حەز نەکەن باسی بکەن. ڕێز لە خواستەکەی بگرە.

[١] بڕوانە: Sherizaan Minwalla, Johanna E. Foster & Sarah McGrail (2022) Genocide, rape, and careless disregard: media ethics and the problematic reporting on Yazidi survivors of ISIS captivity, Feminist Media Studies, available here

## لە کاتی چاوپێکەوتنەکە:

- گفتوگۆیەکی ڕاستگۆیانە و کراوە سەبارەت بە ڕەزامەندی ساز بکە. دڵنیا بەرەوە کە هیچ کەس، تەنانەت خۆشت، فشار لە کەسەکە ناکەیت تا چاوپێکەوتنەکە بکات.
- بەبیر کەسەکە بهێنەوە کە سەلامەتی و ئاسوودەیی ئەو لە هەموو شتێک گرینگترە.
- بەبیر کەسەکە بهێنەوە کە دەتوانێت، هەر کاتێک بەر لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکە، ڕەزامەندییەکەی پووچەڵ بکاتەوە.
- گۆشە/جۆری بابەتەکەت بە کەسەکە بڵێ، بۆی ڕوون بکەوە کە لە کوێ بڵاو دەبێتەوە و کێ دەتوانێت ببینێت. هەروەها، پێی بڵێ کە ئایا ڤیدیۆ/وێنە/تۆماری دەنگی لە بابەتەکە دەبێت یان نا.
- بە پرسیاری کراوە و نەرم چاوپێکەوتنەکە دەست پێ بکە.
- بە کەسەکە بڵێ کە چۆن بە خوێنەر/بینەر ئاشنا دەکرێت (دەناسێنرێت).
- پەلە لە چاوپێکەوتنەکە مەکە: پشوو بدە یان ڕێگە بە بێدەنگی و "وچان" بدە.
- کاتێک لەگەڵ ڕزگاربووی توندوتیژی یان کەسێکی ژێر مەترسی چاوپێکەوتن دەکەیت، شارەزایەکی بواری زەبری دەروونیت لە ژوورەکە لەگەڵ بێت؛ ئەگەر کرا، لەسەر داوای کەسەکە، با شارەزایەکە جێی متمانەی ڕزگاربووەکە بێت.
- چەند پرسیارێک بکە کە جڵەوی چاوپێکەوتنەکە دەخاتە دەستی ڕزگاربووەکە، بۆ نموونە بڵێ "حەز دەکەیت خەڵک چی بزانێت دەربارەی ئەزموونی تۆ؟" یان "حەز دەکەیت هیچی دیکە باس بکەیت؟"
- ئەو پرسیارانە مەکە کە دەبنە هۆی ئەوەی:
  - ڕزگاربوو هەست بە تاوان بکات لە بەرانبەر ئەو زیانەی پێی گەیشتووە
  - گومانکردن لە دروستیی قسەکانیان یان بیرەوەرییەکانیان
- قسەی پێ مەبڕە، گریمانەی نەرێنی مەکە، سەرنجێک مەدە کە پێشداوەری لێ بەدی بکرێت؛ ئەمە چاوپێکەوتنە نەک لێکۆڵینەوە!
- ڕێز لە سنووری کەسەکە بگرە و نهێنییەکان بپارێزە.
- کاتێک پرسیار دەکەیت، پرسیارێک مەکە کە زەبری دەروونی زیندوو بکاتەوە یان ببێتە هۆی سەرهەڵدانی. هەوڵ بدە پرسیارەکانت ڕێگەیەک بۆ چارەسەر بکەنەوە. دەتوانیت چەند پرسیارێک وەک ئەمانەی خوارەوە بکەیت:[٢]
  - بەر لە ململانێ/ توندوتیژییەکە ژیانت چۆن بوو
  - پێویستییەکانی ئێستایان چییە
  - ئاواتەکانیان چین
  - پێویستە چی بکرێت...

## دوای چاوپێکەوتنەکە:

- ئەگەر پێویست بوو، زانیاریی سەبارەت بە سەرچاوە ناوخۆییەکانی وەک هێڵە فریاگوزارییەکان و ئاژانسەکانی دابینکردنی خزمەتگوزاریی ڕاستەوخۆ و ڕێکخراوە مرۆییەکان، بۆ ڕزگاربووان بخە ڕوو؛ لەوانەیە یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوان.
- ئەگەر کرا، دەرئەنجامی چاوپێکەوتنەکە بەو کەسە بڵێ کە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ کراوە.
- ئەگەر کەسەکە ڕەزامەندییەکەی هەڵوەشاندەوە بابەتەکە بڵاو مەکەوە. بیرت بێت، لەوانەیە کەسەکە زیانی پێ بگات. تۆڵەکردنەوە لە قوربانی دوای ئەوەی قوربانییەکە قسەی کرد، شتێکی باوە. ئاگادار بە.

[٢] پروانە: Sherizaan Minwalla, Johanna E. Foster & Sarah McGrail (2022) Genocide, rape, and careless disregard: media ethics and the problematic reporting on Yazidi survivors of ISIS captivity, Feminist Media Studies, available here

"کاتێک ڕۆژنامەنووسان بە مەبەستی ڕووماڵکردنی توندوتیژیی
سێکسی سەردانی ناوچەکانی شەڕ دەکەن، بە گوێرەی پرۆتۆکۆڵە
نێودەوڵەتییەکانی میدیا، بەرپرسیاێتییان هەیە کە
چاوپێکەوتنەکانیان لەسەر بنەمایەکی ئاکاریی ئەنجام بدەن. لەم
ڕووەوە، پێویستە ڕەچاوی سەختی ئەو زەبری دەروونیە بکەن کە
قوربانییەکان چێشتوویەتی، هاوکات، درک بە کاریگەریی ئەو
چاوپێکەوتنە بکەن کە لەگەڵیان دەکەن. ڕەچاوکردنی ڕێنماییە
ئاکارییەکان بەر بە دووبارەبوونەوەی زەبری دەروونی و ئەزموونی
بەقوربانیکردن دەگرێت." شێریزان مینوالا بۆ (دەیلی بیست) لە ساڵی
٢٠١٥.

# ٤

# وێنەگرتن و تۆمارکردنی ڤیدیۆ بە شێوەیەکی ئاکارییانە

لە دیاریکردنی سەرچاوەکانەوە بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان و هەڵبژاردنی هێڵکاری و وێنەی گونجاو و دارشتنی ناوەرۆکی هەواڵەکە و سەردێڕەکە، دەبێت هەموو کات ئەزموونی ئەو کەسەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ کراوە لە چەقی پرسەکە دابێت و ڕێزبگیرێت لە ئاوات و ترس و خەونەکانی.

سەلامەتیی کەسەکە دەبێت لە پێش هەموو شتێکەوە بێت، بە تایبەتی کاتێک چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕزگاربووانی توندوتیژی و کەسانی ژێر مەترسی دەکرێت یان وێنەیان دەگیرێت. ئەوانەی کە وێنە و هێڵکاری بۆ هەواڵەکە هەڵدەبژێرن دەبێت ئاگاداریی یاسای وڵاتەکە یان هەرێمەکە بن، پێویستە دڵنیا بن لەوەی کە لەو شوێنە هەواڵ بڵاو دەکەنەوە مافی کەسەکە بۆ سەلامەتی و تایبەتمەندیی، پارێزراوە.

هەر ڕزگاربوویەکی توندوتیژی ترسی جیاوازی هەیە وە وەکو ڕۆژنامەنووس، پێویستە ئەرکی ئاکاریی خۆمان ڕاپەڕێنین و ڕێز لەو متمانەیە بگرین کە بە ئێمەیان داوە و، لە هەمان کاتدا، کارێک بکەین کە ترسەکانیان برەوێتەوە و، تا بکرێت لە ئەزموونکردنی زەبرێکی دیکەی دەروونی، بیانپارێزین.

لە پێناو ڕێزگرتن لە نەناسراوێتی لە کاری وێنەگریدا دەبێت مامەڵەکردن لەگەڵ چەند وردەکارییەکی وەک برین و تاتۆ و جل و شوێن بکرێت - کە لەوانەیە کەسێک بخەنە دۆخێکی ناهەموارەوە یان تووشی توندوتیژی بکەن. هەروەها، دەبێت دڵنیا بین کە گرتەکانمان زانیارییەک دەرناخەن کە کەسەکەی پێ بناسرێتەوە. دەتوانیت لە بری وێنەی فۆتۆگرامی، وێنە لە ئینتەرنێت وەرگریت یان نەخش و نیگار بەکار بهێنیت.

## ئامۆژگاری

- وێنە/ ڤیدیۆیەکان دوای تۆمارکردنیان پیشان بدە تا دڵنیا بیتەوە لەوەی هەر کەسێک لە ناوەڕۆکەکە دەرکەوتبێت لە دوای بڵاوکردنەوە ئاسوودەیە.
- وێنەی برین/ بەشی جەستە یان ئەندامی جەستە یان وێنەی نامرۆڤانەی ژنان و کچان/ یان ڕزگاربووی پیاو، پیشان مەدە. وێنەی لەم جۆرە هەستیار و شۆکهێنەرن و هیچ پەیامێک ناگەیەنن.
- هەوڵ بدە بە جۆرێک وێنە بگرە کە ڕووخسار یان هەر تایبەتمەندییەکی دیکە کە کەسەی پێ پناسرێتەوە دەرنەکەوێت، بەڵام، لە هەمان کاتدا، لایەنە مرۆییەکە دەربکەوێت.
- نابێت ڕووماڵێکی پەیوەست بە توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی وێنە و کەسی ناپەیوەندیداری تێدا دەربخرێت.
- وێنەی منداڵان لە حاڵەتی ناهەمواردا مەگرە.
- بەکارهێنانی وێنە دەبێت بە شێوەیەک بێت کە شکۆی کەسەکە تێیدا پارێزراو بێت.
- وێنەکان بەکار بهێنە تا بارودۆخە گشتییەکە دەربخەیت نەک ڕووداوەکە خۆی.
- ئەگەر وێنەیەکی شیاو دەست نەکەوت، جۆرێکی دیکەی میدیای بینراو بەکار بهێنە، لەوانە وێنەیەکی ئەلیکترۆنی یان نەخش و نیگار؛ گرینگ ئەوەیە زانیاریی کەسی دەرنەکەوێت.



وێنەکێش: ئاڤا نادر

# ڕەچاوکردنی ڕێبازی بە ناوەندکردنی
# ڕزگاربوو لە گێڕانەوەی چیرۆک

## بەر لە ئامادەکردنی بابەتێک لەسەر پرسی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی، ڕۆژنامەنووسان دەبێت ئەم پرسیارانە لەخۆیان بکەن:

- ئایا ئەم بابەتە یارمەتیدەر دەبێت لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری و ئاستی زانینی ڕزگاربووانی توندوتیژی و کەسانی ژێر مەترسی؟
- ئایا ئەم بابەتە دەنگ و پێویستییەکانی ڕزگاربوو دەگەیەنێت؟
- ئایا ئەم بابەتە سەرچاوە و زانیاری لەسەر چۆنیەتیی دەستخستنی پاڵپشتی لە لایەن ڕزگاربووان و خێزانەکانیان دەخاتە ڕوو؟
- ئایا ئەم بابەتە پێشنیازی هیچ چارەسەرێک بۆ گرفتەکانی ڕزگاربووانی توندوتیژی دەکات؟
- ئایا ئەم بابەتە ئاماژە بە هۆکارە بنجییەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی و پێویستییەکانی بەدیهێنانی دادپەروەری دەدات؟
- ئایا لایەنە پەیوەندیدارەکان و خەڵک هان دەدات هەڵوێستێک بنوێنن؟
- ئایا دەرگای گفتوگۆ لەسەر هەلسوکەوت و ڕەفتار و بیرۆکەی کەلتووری و کۆمەڵایەتی - کە کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە هەیە - دەکاتەوە؟

## شوێنەکە و چەمکەکان و سەردێڕەکان دەستنیشان بکە:

پێویستە سەردێڕ و گرفت و سەرناوەکان گوزارشت لە ڕزگاربووەکە بکەن، ڕزگاربوو سەرزەنشت نەکرێت، ئەنجامدەرانی توندوتیژی جوان پیشان نەدرێن و ستایش نەکرێن، و ڕێگە لە وروژاندنی بابەتی هەستیار بگیرێت.

## نووسین یان پاکنووسکردنی بابەت:

- دڵنیابە لە پاراستنی ناسنامەی ڕزگاربووان و زانیارییە کەسییەکانیان هاوبەشی پێ مەکە (لەگەڵ ڕێزگرتن لە خودی خۆیان و هەڵبژاردەکانیان).
- وێنایەکی مرۆڤانەی ڕزگاربووان پێشکەش بکە. ڕزگاربووان دەبێ لە چەقی چیرۆکەکەدا بن. چیرۆکەکان نابێت تەنها سەرنجیان لەسەر ئەو توندوتیژی و زەبری دەروونییە بێت کە تووشی بوون.
- ئاماژە بە چارەسەرەکان و هەواڵی ئەرێنی و گۆڕانکارییە ئەرێنییەکان بکە.
- دوور بکەوەرەوە لە هەست بزواندن و مەبەستێکی ڕوون بۆ چیرۆکەکە دیاری بکە. چیرۆکەکانی کەیسی توندوتیژی هەمیشە دەبێ ئامانجێکی فراوانتریان هەبێت؛ نابێت تەنیا خۆیان بدەنە پاڵ گێڕانەوەی وردەکارییەکانی توندوتیژی.
- دڵنیابە لەوەی چیرۆکەکە ئاماژە بۆ ڕەگ و ڕیشەی هۆکارەکانی توندوتیژی دەکات. هەلومەرجەکە، ڕەگ و ڕیشەی هۆکارەکانی (ڕق و کینە لە ژنان، پیاوسالاری، لاوازیی سیستەمی دادپەروەری، نایەکسانیی کۆمەڵایەتی) و لێکەوتە بەردەوامەکانی توندوتیژی ڕوون بکەرەوە: خراپتربوونی تەندروستی، زەبری دەروونی، نادادپەروەری، نایەکسانی، تەمەن کورتی، دەستکەوتی کەمتر.
- ئاگاداری وشەکانت بە. ڕۆژنامەنووس پێویستە:
  - دوور بکەوێتەوە لەو وشانەی کە ئەنجامدەرانی توندوتیژی بەکاریان دەهێنن، هەروەها خۆی لە وشەی نامرۆڤانە یان سووکایەتیئامێز بپارێزێت.
  - دڵنیابێت لەوەی وشەکان تاوانەکە ناخەنە ئەستۆی قوربانییەکە.
  - هەرگیز زمانێکی ڕەگەزپەرستانە، چەواشەکارانە - یان پەڵەی کۆمەڵایەتی لێ بکەوێتەوە - کۆنەپەرستانە، یان سووکایەتیئامێز، بەکار نەهێنێت.
  - دوور بکەوەرەوە لە بەکارهێنانی زاراوەی هەستیار لە کاتی باسکردنی ڕزگاربوو یان تاوانەکە.

- لەگەڵ پسپۆڕان قسە بکە. هەندێک بابەت تەکنیکین یان هەستیارن، لە داواکردنی سەرنج یان زانیاری لە پسپۆڕان دوودڵ مەبە.
- بیر لەوە بکەرەوە کە دواتر بابەتی دیکە لەسەر پرسەکە ئامادە بکەیت، بە تایبەتی لە چەند بابەتێکی وەک گەڕانی ڕزگاربووان بەدوای دادپەروەری، دادگایی کردنی ئەنجامدەرانی توندوتیژی، شێوازەکانی توندوتیژی، هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنیان بە یاسا یان پەیڕەوێکی نوێ. ئەگەر یاسایەکی نوێ یان دادگایی کردنێک نەبوو، یان زانیاری کەم بوو، بابەتێک بنووسە کە پرسیاری ئەوە بکات کە بۆچی ئەمە وایە، و بەدواداچوون لەگەڵ دامەزراوەکان بکە سەبارەت بە بەدواداچوون نەکردنیان.
- لەو حاڵەتانەی کە ڕزگاربووان هێشتا لە مەترسیدان، بزانە بابەتەکەت چ کاریگەرییەک دروست دەکات و، ئەگەر هەر مەترسییەک بۆ ڕزگاربووەکە سەریهەڵدا، هەموو هەوڵێک بدە بۆ ئەوەی چیرۆکەکە بڵاو نەکرێتەوە.

| لە جیاتی بڵێی | بڵێ |
|---|---|
| کۆیلەی سێکسی | ڕزگاربووانی بەکۆیلەکردنی سێکسی |
| ژنێک لە لایەن خۆشەویستە دڵشکاوەکەیەوە دەکوژرێت | هاوسەری پێشووی ژنێک هەڵدەکوتێتە سەر ماڵی ژنەکە تا بیکوژێت |
| ژنێکی تۆمەتبار بە ڕەفتاری نەشیاو شەڕێکی توندی بۆ پەیدا دەبێت لەگەڵ مێردەکەی | پیاوێک کە پێشینەی ئەنجامدانی توندوتیژیی خێزانی هەیە ژنەکەی خۆی دەکوژێت |
| ژنێکی هەرزەکار/گەنج ناچار دەکرێت سێکس لەگەڵ مامی بکات | کچێک/منداڵێکی ١٤ ساڵان لە لایەن مامیەوە دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەر |

# ٦

# ڕەوانەکردنی ڕزگاربوون و کەسانی ژێر مەترسی

## پێویستە هەمیشە ڕۆژنامەنووسەکان زانیاریی پەیوەندیی هێڵەکانی فریاگوزاری بە ڕزگاربووان بدەن.

**عێراقی فیدراڵ:**
- ژمارەی پۆلیس (٢٤ کاتژمێر): ١٠٤

**هەرێمی کوردستان:**
- هێڵی گەرمی بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان و خێزان (بۆ کەیسەکانی توندوتیژی): ١١٩
- ژمارەی پۆلیس : ١٠٤

بەر لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕزگاربوویەکی توندوتیژی یان کەسێکی ژێر مەترسی، سەیری ناو و ژمارەی پەیوەندیی ئەو ڕێکخراوانە بکە کە لە ناوچەکە کار دەکەن و دەتوانن زانیاری و پاڵپشتیی پێویست بدەن بە ڕزگاربووەکە.

ئەگەر منداڵێک یان هەرزەکارێکت بینی توندوتیژی ئەزموون کردبوو، پێویستە ڕاستەوخۆ لایەنی پەیوەندیداری لێ ئاگادار بکەیتەوە؛ بە تایبەتی ئەگەر کەیسەکە کەیسی توندوتیژیی سێکسی بوو. ئەگەر کەسێکی پێگەیشتووت بینی توندوتیژی بەرانبەر کرابوو، نابێت بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار بکەیتەوە - مەگەر مەترسیی مردنی لەسەر بێت. هەرگیز وردەکاریی وەک ژمارەی تەلەفۆن و ناونیشانی ماڵی ڕزگاربووێک لەگەڵ کەس هاوبەشی پێ مەکە.

**بۆ ڕەوانەکردنی کەیسەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی بۆ دەزگای سیید لە هەرێمی کوردستان:**

٠٧٥١ ٧٤١ ٦٣٩١ / ٠٧٧٦ ٠٩٤٤ ٥٧٦

referrals@seedkurdistan.org

# ڕاسپاردەی گشتگیر بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی مامەڵە لەگەڵ کەیسەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی دەکەن

**لە لایەن شیرزان مینواڵا، پارێزەری بواری مافەکانی مرۆڤ و، د. جۆهانا ی. فۆستەر داڕێژراون**

١. **ئاسوودەیی و پێویستی و بەرژەوەندییەکانی** ڕزگاربوو لە پێش هەموو شتێک دابنێ.

٢. ڕێنماییەکانی چۆنیەتیی گرتنەبەری **ڕێبازی بە ناوەندکردنی زەبری دەروونی لە چاوپێکەوتن** و بڵاوکردنەوەی چیرۆکی ڕزگاربووان پەیڕەو بکە.

٣. بە درێژایی پرۆسەکە، **بە شکۆ و ڕێزەوە** مامەڵە لەگەڵ ڕزگاربووان بکە.

٤. دڵنیابەوە **کە ڕەزامەندییەکە تەواو بە ئاگایە**، ئەگەر تەواو بە ئاگا نەبێت، کەواتە ڕەزامەندی وەرنەگیراوە.

٥. **مەترسییەکانی ئاشکراکردنی ناسنامەی ڕزگاربوو** باس بکە پێش دەستکردن بە چاوپێکەوتن و بڵاوکردنەوە.

٦. **لە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو ڕزگاربووە منداڵانەی لە توندوتیژیی سێکسی ڕزگاریان بووە، خۆت بپارێزە** بۆ پاراستنی ئاسوودەیی و خۆپاراستن لە دووبارە بەرکەوتن بە زەبری دەروونی.

٧. لە چوونە ناو وردەکارییەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی دوور بکەرەوە. **ڕێز لە سنوور و ئاسوودەیی ڕزگاربوو بگرە.**

٨. ڕزگاربووان تەنیا لەو زەبرە دەروونییە بچووک مەکەوە کە چەشتوویانە؛ **گشتگیرانە ڕووماڵ بکە.**

٩. سەرەتا **لەگەڵ شارەزا خۆجێیەکان قسە** بکە سەبارەت بە پرسی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری **بۆ دڵنیابوونەوە لە گوونجاوی کەلتووریی ڕێبازەکان.**

www.seedkurdistan.org
contact@seedkurdistan.org
facebook.com/SEEDKurdistan
instagram.com/SEEDKurdistan
twitter.com/SEEDKurdistan